# له چلەی د.ئیحسان فوئاد-دا

# چەپکە پەیڤێك بۆ عاشقە گەورەکەی کوردستان (کاکە شوان)

مستەفا سالح کەریم



مستەفا سالح کەریم- د.ئیحسان فوئاد

ئەمە جاری دووەم بوو کە بەو شێوەیە لەسەر چارپایەی نەخۆشخانە ببینم، جاری پێشوو زۆر بە شپرزەیی بینیم، هەرچەندە لەوەودوا کە چاک بووەوە بە پێکەنینەوە دەیوت (ئەوی راستیبێ هەموو موعامەلەیەکم تەواوببوو، فیزەشم بۆکرابوو، بەڵام دواجار سنوورداش کرامەوە) واتە لە لێواری مەرگ بوو، بەڵام خوا رزگاریکرد، ئەمجارەشیان هەروا بەتەمابووم، چەند رۆژێک بێ و بێتەوە ناومان، نەمدەزانی گەڵارێزانی ناوەختەو لێکدابڕانەو ئەو کەڵە پیاوە سەربەرزە بە هێمنی چاوەکانی لێکئەنێ و ماڵئاواییمان لێدەکات، نایشارمەوە لەوجۆرە حاڵەتانەدا کە هاورێکانم بەو شێوەیە ئەبینم زۆر پێی تێکدەچم، خەم سەرتاپای گیانم دائەپۆشێ، لە دڵی خۆما دەپرسم، بۆ وا؟ کوا ئەو هەموو بزاف و گوڕوتین و وزەی جارانی؟ کوا قسەی خۆش و دەمی بە پێکەنین؟ ئەم حاڵە پڕ غەمناکییە لە دوا دیداری هاوڕێی ئازیزم محەمەد کەریم فەتحوڵلاَ و دوا سەردانی د.ئیحسانا تووشی بووم، هەرگیز لەبیرم ناچنەوە.

*لەدوا سەفەرمانا پێکەوە لە هەولێر کە بۆ دیداری(جگەر خوێن) چووبووین، بەڵێنی دامێ وتارێک دەربارەی نیشتمانپەروەریی دیموکراتخوازی عیراقی (کامل چادرچی) بنووسێ بۆ (الاتحاد) زۆر بە

ئیعجابەوە باسی گەورەیی ئەو پیاوەو هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی و بەرگیکردنی لە کوردی بۆ دەکردم، هەردووکمان رامان بەرامبەری وەک یەک بوو، هەروەها وتی: دەبێ وتارێکیش لەسەر هەڵوێست و هەوڵ و کۆششی مەردانەی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی شەهیدیش بنووسم، داخی گرانم مەرگ ماوەی نەدا ئەو پرۆژانەو چەندین پرۆژەی تری بەئەنجام بگەیەنێ.

*هەرچەندە لەوەو پێش بە هۆی دراوسێتی و لە رێگەی کاکە کەمالی برا گەورەیەوە یەکتریمان دەناسی، بەڵام هاورێیەتیمان بە زۆری لە ساڵی 1957 ەوە دەستیپێکرد لەرێگەی نووسین و خولیای ئەدەبەوە، پاشان لە ساڵی 1958 زیاتر لێکنزیکبووینەوە کە پێکەوە بۆ دەستەی بەرێوەبەری (کۆمەڵەی مامۆستایان هەڵبژێردراین، ئەو کۆمەڵەیەی چوار ساڵ بوو بە بریاری رژێم داخرابوو، ئێمە توانیمان بیبوژێنینەوەو مامۆستایانیش متمانەی خۆیان بەو دەستەیەدا) لە ساڵی 1959 لە لیژنەیەکدا یەکمانگرتەوە لەگەڵ مامۆستا گۆراندا بۆ دانانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، هەرچەندە رەنجەکەشمان بەفیرۆ چوو، چونکە کاتێک کۆنەپەرستان و بەعسییان لە وەزارەتی پەروەردەدا کەوتنەوە سەرکار، ئەو کتێبەیان پەسەند نەکرد، بە بیانووی ئەوەی دەبێ خوێندنەوە عەرەبییەکە بکرێ بە کوردی، ئەو روونووسە گەلێک وتارو باسی نایابی مامۆستا گۆران و د. ئیحسانی گرتبووە خۆی.
*ئیتر ئەوەبوو سەفەری مۆسکۆی کردو پاش ساڵانێکی درێژو دوای وەرگرتنی دکتۆرا لە1967 دا گەرایەوە وڵات و لە یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆرو کۆبوونەوەکانی و کۆنگرەو دیدارو میهرەجانەکانیان پێکەوە بووین، هەرچەند سەفەری بەغدامان بکردایە لەگەڵ مامۆستایان هەردی و شەونمدا هەمیشە د. ئیحسان لە پێشوازیماندا بوو، ئەوییش لەگەڵ گەیشتنیا بۆ سلێمانی ئێمەی ئاگادار ئەکرد.
*لەماوەی دوورخستنەوەی لەکارو لابردنی لە پلەی بەرێوەبەری گشتیی رۆشنبیری، هەمیشە پەیوەندییمان هەبوو، دوای گەرانەوەشم لە رومادی کە یەکێتیی نووسەرانی کورد کەوتەوە چالاکیی، زۆرجار د. ئیحسان میوانی ئازیزمان و گوڵی مەجلیسمان بوو.

ئێستاش لەبیرمە، ئێمە ساڵی 78و79 بە هەموو توانامانەوە هەوڵمان ئەدا، یەکێتیی نووسەرانی کورد لە برەودا بێت و چالاکییە ئەدەبییەکانی هەمیشە لەبەر چاوبێ، دەستەی بەرێوەبەریش کۆبوونەوەکانی هەرمانگە لە شوێنێ دەکرد، لە بەغدا، سلێمانی، هەولێر، دهۆک، برادەرێکی نزیکی خۆمان بۆ پێکەنین بەو هاتوچۆو جموجۆڵەی وتبوو (جرت و فرت) رۆژی 1979/5/8 د.ئیحسان کۆری هەبوو لە سلێمانی، رووما ن لێنا لامان بمێنێتەوە تا رۆژی هەینی 5/10 بچین بۆ سەیران، رۆژی سەیرانەکە ئەوەندە دڵیخۆشبوو، بروسکەیەکی نووسی بۆ د.مارف خەزنەدار، کە سەرۆکی بەشی کوردی بوو لە کۆلێژی ئەدەبیات، نووسیبووی (بما ڕنی دخلت فی جماعه الجرت و الفرت... ارجو اعتبار دوامی لیوم السبت قرت) واتە لەبەر ئەوەی منیش چوومە گروپی جرت و فرتەوە شەممە نایەمەوەو دەوامەکەم قرت بکە. بەدەم پێکەنینەوە سووربوو لەسەر ناردنی بروسکەکە، تا وتمان: دکتۆر ئەمرۆ هەینییە لە دوکان بروسکەوە وەرناگرن.

*ئەم ساڵانەی دوای گەرانەوەی بۆ کوردستان، ئەوەندەی پێی بکرایە خۆشکەری کۆرو دانیشتمان بوو، لە فیستیڤاڵ و دیدارە ئەدەبی و رووناکبیریی و رۆژنامەنووسیەکانی هەولێرو دهۆکدا هەمووجارێ چالاکانە بەشداریی دەکردو سەفەرو رۆژانی بۆنەکەمانی خۆشتر دەکرد، لە هەردوو کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا بەشداربوو، دوا سەفەری هاوبەشمان میهرەجانەکەی جگەرخوێن بوو، کاتێ سەفەرەکەی قاهیرەی کرد لەگەڵ دەستەیەک لە برادەراندا زۆر بەگەرمی داوای لێکردم لەگەڵیان بەشداریی بکەم، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەت من نەچووم، زۆریش پێی ناخۆشبوو، کە هاتەوە پێی وتم: سەفەرێکی کرماشانم هەیە کە گەرامەوە پرۆژەکانمان جێبەجێ ئەکەین و سەردانێکی فەرهاد عەونی دەکەین و کۆرێکی

تێکەڵیش لە مەڵبەندی ڕووناکبیری زانکۆ ڕێکدەخەین هەروەها جارێکیش تریش ئەچینەوە بۆ بازیان بۆلای کەمال شیرگەر بەیادی شەوەکەی پێرارەوە.... بەڵام داخی گرانم.. ئەمانە هیچیان نەهاتنەدی. کە لەتاران گەڕایەوە دوای دوو ڕۆژ چووە نەخۆشخانە.

* کاکە ئیحسان ڕووناکبیربوو، وشیار بوو، کوردپەروەرو بە هەڵوێست بوو، تابڵێی مرۆڤێکی هەست ناسکی بەوەفا، هێمن و لەسەرخۆ، ئامادەبوو بەرگریی لە هەست و سۆزی خۆی بکات، بەڵام هەرگیز ئامادەنەبوو، باسی خۆی بکات، خۆشەویستی خاک و نیشتمان لە ناخی دەروونیا چەکەرەی کردبوو، کوردستان لای ئەو، ئەوەندە پیرۆز بوو کە بۆ چرکەیەکش فەرامۆشی نەدەکرد.

*ئەم پیاوە بەوەفایە دەتوانرێ وەک نموونە باس بکرێ لە ڕۆژگارێکی تاریکدا کە گەلی کورد تووشی مەینەتی بووبوو، ئەو هیوای دڵی هەر سەوزبوو، بێگوێدانە پلە وەزیفیەکەی، بێ سڵکردنەوە لە زەبروزەنگی بەعس، لە گۆڤاری ئەستێرەو ڕۆشنبیری نوێدا هەڵوێستی ڕووناکبیرێتی و کوردانەی خۆی نواند، بە رادەیەک یدام حسین کە ئەوکاتە (سيد النائب) بوو زۆر بە توندی لێپرسینەوەی لە تاریق عەزیز کردبوو چۆن ڕێگە ئەدرێ گۆڤاری وا لە وەزارەتی ئەودا دەربچێ، ئەوەبوو ئەستێرەیان کوژاندەوەو د.ئیحسانیشان لەوەزیفە لابرد، پلەو پایەی لەدەستدا، بەڵام خۆشەویستی گەلەکەی دەستکەوت، هەروەک چۆن بە پێکەنینەوە لەسەر بەعسی نووسی، هەر بەپێکەنینیشەوە فەرمانی دەرکردنەکەی وەرگرت، بێئەوەی بهێڵێ دوژمن پێی خۆشبێ، هەرگیز وای پیشان نەدا کە پەشیمانە لەوەی کردوویەتی.

* لاپەڕەکانی ژیانی د.ئیحسان فوئاد پڕن لە شانازی و لە مەزنی، سەرەڕای بەرهەمە ئەدەبییەکانی و شیعرو نووسینی بە پێزی و خولیای ڕۆژنامەنووسی و چالاکییەکی بەرچاوی لە هەندەران لە کۆمەڵەی خوێندکاراندا و بەشدارییکردنی لە هەموو چالاکییە سیاسییەکاندا، سەرەڕای ئەمانە هەموویان نەوەیەکی نوێی لە شاعیرو نووسەر لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا پێگەیاند، چەندین ناوی درەوشاوەی ئێستای جیهانی ئەدەبی کوردی ساڵانێک خوێندکاری د.ئیحسان بوون، لە کۆلێژی ئەدەبیات، کە هەمیشە وەک هاوڕێ لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی دەکردو زۆریش هیوای پێیان بوو.

*ئەو کەسەی لە نزیکەوە ئەم پیاوەی نەناسیبێ، نازانێ چەند قسە خۆشبوو، چۆن مەجلیسی یارانی خۆشدەکرد، ئەوەندە قسەی خۆشی لە دووتوێی یادگارەکانمان هەیە، کە هەریەکەیان بۆ چیرۆکێک دەست دەدات و ڕەنگە ئەگەر تەمەن ڕێگابدات– لە بۆنەیەکی تردا هەندێکیان بخرێنە بەرچاوی خوێنەران... بەتایبەت بۆ ئازیزان و دۆستانی د. ئیحسان.

*کاکە ئیحسان– وا ئەمڕۆ چل ڕۆژ بەسەر دوا ماڵئاوابیدا تێدەپەڕێ، لەم چل ڕۆژەدا هەمیشە وێردی سەر زمانان بووی، ناوت، وێنەکانت، یادگارەکانت، قسە خۆشەکانت، هەڵوێستی جوامێرانەت، بە ئەمەکی و وەفاداریت بۆ هاوڕێکانت، خۆشەویستیت بۆ کوردستان، سۆزی باوکایەتیت و ڕێزو خۆشەویستی خێزانیت و قەدرگرتنی هەموو ئەوکەسانەی خۆشت دەویستن هەرگیز لەبیر ناچنەوە.. دڵنیاشبە، کە ئێمەی هاوڕێیانی نزیکت تا لە ژیاندابین تۆش لە یادەوەرییماندا زیندوویت و بە هیچ جۆرێ فەرامۆش ناکرێی، ماڵئاوا... هاوڕێی ئازیز.. بەڕاستیش ئازیز بووی، ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی یەکێکت بە خراپە نەکردو جارێ لە جاران ئازاری دڵی یەکێکت نەدا... ئیتر لەوە گەورەیی تر ئەبێ چی بێ؟ بۆیە تا دەربارەی خەسڵەتە مەزنەکانت بنووسم هەرکەمە، چونکە تۆ زۆر لە پەیڤەکانم گەورەتری بووی، سڵاو لەگیانی پاکت ...هەزاران گوڵی ئەم کوردستانەی کە عاشقی بووی پێشکەش بێ بۆ سەرمەزاری پیرۆزت.